# دوای پانزه ساڵ، گەشتێك بۆ شاری سلێمانی!

ڕەزا کەمانگەر
www.rezakamangar.blogfa.com

ڕۆژی 2 حوزە یرانی ئەمساڵ، لە ڕێگای فرۆکەخانەی ستۆکهۆلمی سویدەوە، بە فرۆکەیەکی ئەردەنی سەرەتا بۆ شاری هەولێرو لەوێشەوە بەئۆتۆمبیل بەرەوسلێمانی بەڕێکەوتم.دواین جار کە من سلیمانیم بە جێهێشتبوو 20 **تە موز** 1991 بوو.

لە فرۆکەخانەی ستۆکهۆلمەوە تا گەیشتنم لەخەیاڵێکی قوڵدا بووم، بیرم لەئازیزان و خۆشەویستانێك دەکردەوە لەوماوەیەی دوریمدا لێیان، چ قیافەیەکیان هەیە؟ئیحساسیان بەرامبەرم چۆنە؟ هەست وئیحساسی خۆم دەربارەی زۆرشت، لەمنداڵیمەوە تا بیرەوەریەکانی ڕابردووم لە هزرمدا دەهێناو دەبرد. شاری سلێمانی سەرباری ئەوەی شارو شوێنی لەدایك بونی من نییە ، کەچی لە زهنم دورناکەویتەوە.شاری سلێمانی ئارامگای هاورێیانی کۆمۆنیستی گوردانی شوان و سەدیقی کەمانگەر و دکتۆر جەعفەری شەفیعی یە، و بیرهینەرەوەی ڕوخساری ئەم خۆشەویستانەیە.

**شاری سلێمانی بۆمن شاری بیرەوەریە خۆشەکانمە.**

ساڵی 1991 لەگەڵ دەیان لە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی شورایی لەکۆمیتەکانی ڕیکخستنی راپەریندا بەشداریم کردبوو، ئەم شارە پەیوەندی منی بەکچێکەوە کەخۆشم دەوێت، پێکهێنابوو. شاری سلێمانی لای من شاری چاوەروانیە باڵاکانی ئینسانە، خەڵکی ئەم شارە بەکەمتر لەژیانێکی باشتر ڕازی نابن. شاری بزوتنەوەی کرێکاری، بزوتنەوەی شورایی، بزوتنەوەی یەکسانی خوازانەی ژنان و شاری چەپ وسورو کۆمۆنیزم و شاری ڕۆشنبیرانێکی ئازادیخوازبوو کەلەدەهەی نەوەتەکاندا بزوتنەوەی ناسیونالستی وحیزبە نەتەوەپەرستەکانی کوردی خستبووە ترسەوە.

لە فرۆکەخانەی ستۆکهۆڵم سەرکەوتمە ناو فرۆکەیەکی ئەردەنی کە بێئەندازە کەیفیەتەکەی خراپ بوو. خراپی نەوعیەتی فرۆکەکە منی نیگەرانی کەوتنی کردبوو. بەڵام نیگەرانی لە هەوادا کارساز نییە، دەبێ ئینسان زەهنی بەهەموو شتێکی تر بێجگە لەکەوتنی فڕۆکەوە، سەرقاڵ بکات. ژنێکی تەمەن مام ناوەندی لەگەڵ کوڕە تەمەن 12 ساڵەکەی، لەتەنیشتی من دانیشتبوو، بەهۆی نەوعیەتی خراپی فرۆکەکەو تەکانە بەردەوامەکانی ڕەنگی هەڵبزرکابوو وە لێوەکانی دەجولا. من کەزانیم وەزعیەتی روحی باش نییە، هەواڵیم پرسی، لەوەڵامدا ووتی ئایەتەالکرسی دەخوێنم؟ من دڵنەوایم دایەوە، ئەویش پرسیاری کرد، یانی فرۆکەکەمان ناکەوێت؟ منیش لەوەڵامدا ووتم نا ناکەوێت و ئەگەریش کەوت من تۆ ڕزگارئەکەم، ئەم وەڵامەی من ئەوی خستە پێکەنین. دوای سەعات 5 ی ئێوارە گەیشتینە فرۆکەخانەی هەولێر، کاتێك کە فرۆکەکە گەیشتە سەر زەوی زوربەی

سەرنشینانی فرۆکەکە کەوتنە چەپڵە ڕیزان، کاتێك ئەم چەپڵانەم بینی و گوێم لێبوو، نەمزانی ئەم چەپڵە ڕێزانە بۆ نیشتنەوەی سەرکەوتوانەی فرۆکەکەیە یان بۆ حزبە کوردیەکانە کە فرۆکەخانەیان هەیە؟ ئەم دیمەنە منی خستەوە بیری پاسەکانی نێوان ڕێگاکانی ئێران، کەلەکاتی جوڵەی پاسەکاندا یەکێك هاواردەکات، ودەڵێ بۆ محەمەدو ال محمدسەلەوات بنێرن، دیارە چەپڵە لێدانەکە بە بەراورد لەگەڵ سەلوات لێدان، مۆدێرنتر بوو.

هوروژمی سەرنشینەکان بۆ دابەزین و دواکەوتنی هاتنی قاڵدرمە بۆ بەردەم دەرگای فرۆکەکە گێژاوێك بوو کە ئەعسابی سەرنشینەکانی وا وورد کردبوو، کە هەموویان لە چەپڵەڕێزانی چەند دەقیقەی پێشویان پەشیمان بوونەوە.

سەرئەنجام قاڵدرمە گەیشت و لە فرۆکەکە دابەزیم، پلەی گەرما 48 و دەکەویتە سەر سەروسەکتی ئینسان. ماوەی نێوان فرۆکەکەو هۆڵی ترانزیت، 150 مەتر بوو. لەڕاستیدا ترانزیتی فرۆکەخانە زۆرتر لە کوخی ناو بیابان دەچوو، تا ترانزێتی فرۆکەخانە. لێرە تیگەیشتم کە فرۆکەخانەیەکی ئاوا هەر فرۆکەیەکی ئاوا هەڵدەبژێرێت و خەڵکیش بەگیان دەربازکردنیان و گەیشتنیان دەبێ چەپڵە لێبدەن. گەیشتمە ناو ترانزیت، لەبەشی کۆنترۆڵی پەساپۆرت فەرمانبەری کۆنترۆڵ لەکاتێکدا کە پاسەکەمی بەدەستەوە بوو، پرسیاری ناو وخێزان و شوێنی ژیانمی دەکردو لەدەفتەریکدا یاداشتی دەکرد، بۆم پرسیار بوو کە ئایا ئەم فەرمانبەرە توانای خوێندنەوەی لاتینی هەیە یان نا؟ وە ئەو هەموو پرسیارە بۆ چی بوو؟ لەکاتێکدا هەموو ئەو زانیاریانە لە پاساپۆرتەکەدا هەیە. دوای ئەوەی لە ترانزێت دەرچوم، بیرم کردەوە کەدەبێ بەتەکسی یان پاس بەرەو شار بچم.بەڵام پاسێك و پیکابێك لەبەردەم دەروازەی ترانزیتەکە وەستابوون. سایەقەکان ڕێنماییان دەردەکرد کەجانتاکان بخەمە شوینی خۆی و خۆشم بچمە ناو پاسەکە، ئەوە هەڵبژاردنێکی ئازادانە نەبوو، سایەق دەستوری ئەدا! ئیحساس بەوە کەبارودوخێکی سەربازی لە ئارادایە، ڕوحیەی ئینسان ناچار بەتەسلیم بوون ئەکات. کاتێك پاسەکە پربوو، دوو سێ کیلۆمەتر ڕۆشتین کە گەیشتینە بازگەیەك، یەکێك لە فەرمانبەرانی بازگەکە سەرکەوتە ناوپاسەکەو لە سەرنشینەکان پرسی، ئالتونتان پێ یە؟ من هیچ لەواتای ئەو پرسیارەتێنەگەیشتم!
لە پاسەکەدا چاوەرێی گەیشتن بەتێرمینالی فرۆکەخانە بووم تاکوو بینیم لەبیابانیکی دابراودا نزیکەی 200 کەسێك کۆببونەوەو بەگەیشتنی پاسەکە دەستیان کرد بە هەلهەلە لێدان و شادی، مەعلوم بوو کە ئەمانە چاوەڕوانی گەیشتنی سەرنشینەکانی فرۆکەکە بوون. هەلهەلەی پێشوازی کەران و سەرنشینەکان بەشێوەیەکی گشتی ئەم دیمەنەی گۆری کەئەمە فرۆکەخانەیە و سەرنشینەکانی لەدەرەوەی وڵاتەوە هاتوون.دووکەسیش بۆ پێشوازی من هاتبوون، بەدیتنی ئەوان سەعات 8ی ئێوارە لە فرۆکەخانەی هەولێرەوەو لەڕێگای کۆیەوە بەرەو سلێمانی کەوتینە ڕێ.ڕێگای دەرەوەی شار لە بارەی یاساو ڕێنمایەکانی هاتوچۆوە بێئەندازە نائەمن بوو، ئیحتمالی هێرشی تیرۆرستیش دوور نەبوو. هەوا تاریك و ڕێگاکەش بچوکترین نیشانەو ڕێنمایی لێخورینی نەبوو، هەتا نیشانەیەك لە دابەشبونی ڕێگای دووساید و واتا هێڵی ناوەراست و نیشانەیەك بۆ ڕادەی خێرایی بوونی نەبوو....

ئەو سەیارانەی بەرامبەر بەئێمە دەهاتن هەموویان لایتی بەرز و فوڵیان هەڵکردبوو، لەم هەوا تاریکەدا کەس گوێی بە خەتەری هەڵکردنی لایتی بەرز نەدەدا.

لە ڕێگادا کە ناوچەی ژێر کونترۆلی یەکیتی و پارتین، چەندین بازگەمان ڕەتکرد، کە مامەڵەی هەموویان پەیوەندی بەهەوەسی نیگابانەکانەوە هەبووە، لەیەکێك لە سەیتەرەکانی ژێر دەسەلاتی یەکێتیدا منیان دابەزاندو دوای لێکۆڵینەوە دەستوریاندا کە بۆ وەرگرتنی ئیقامە"ماوەی مانەوە" دەبێ لەماوەی 10 ڕۆژدا بچم بۆ ئاسایشی گشتی و داوای مانەوە بکەم، ئەمە لەکاتێکدا بوو کەهەموو ئەو دەستورانەم لەفەرمانبەرانی کۆنترۆڵی پاساپۆرتەکەم وەرگرتبوو.

سەعات 12و نیوی شەو گەیشتینە شاری سلێمانی،ئەم شەوە شاری سلێمانی گەورەو سەرەوخوار دەهاتە بەرچاو، شەقامەکانی شار تاریك و بێڕەونەق بوون، شەقامەکانی ناوجەرگەی شار وەکو شەقامە خاکیەکانی دەرەوەی شار وابوون، ئیتر رۆشنە.

بەشێك لەشار بەتەواوەتی خامۆش بوو، گەیشتمە ماڵی یەکێك لە خۆشەویستانم، ووتیان بەچەند دەقیقە پێش ئێوە کارەبا کوژاوەتەوە.

دوو رۆژ دوای ئەوە خۆم و یەکێك لە دۆستەکانم کە ئەویش بریاربوو داوای ئیقامە بکات بۆ چەند میوانێکی کە لە ئێرانەوەو لە ڕێگای سنوری پێنجیونەوە هاتبون، بەتەکسیەك ڕۆشتین بۆ بەشی پەساپۆرت و مانەوە لە ئاسایشی گشتی، لە ڕێگادا سایەق تەکسیەکە کە لاوێکی 30 ساڵە دەهاتە پێش چاو، دەستی کرد بە دادو بێداد لەدەست بەرپرسانی ئیدارەو حکومەتی کوردی، ووتی سەیری ئاپارتمان و کۆشك و ڤیلا تازە دروستکراوەکان بکەن، ئەمانە هەمووی هی بەرپرسانی یەکێتی نیشتمانین، دەوڵەتی عێراق لەسەر دەریای نەوتە، بەڵام بەنزینخانەکان داخراون، و لەکەنار شەقامەکانیش بە شێوەی غەیرە ڕەسمی بەنزین دەفرۆشرێت، مەسئولین نەوت و بەنزین ئەدزن و لە ڕێگای دەستفرۆشەکانەوە، سەرفی دەکەن و ساغی ئەکەنەوە. پارەی ئەم خەڵکە کەدەبوو بدرێت بەدەرمان، ئاو، کارەبا،ڕێگاوبان و خزمەتگوزاری گشتی، ئەیدزن و سەرفی دروستکردنی ماڵی جوان و کۆشك و ڤیلاکانی دەکەن.

سایەقەکە دەیووت، سەدام حسێن دیکتاتۆرو فاشست بوو، بەڵام وەکو ئەمانە دزی نەدەکرد، ئێستا هەر بەرپرسێك لە شوێنی کارەکەی حکومەتێکی دیکتاتۆری هەیە و دزیش دەکەن.

هەر ئینسانێکی ڕاگوزەر لەشاری سلێمانی، دەرکی جیاوازی چینایەتی ئاشکرای نێوان فەقیرو دەوڵەمەندان دەکات!بونی فیلاو کۆشکە تازەدروستکراوەکان لەپاڵ کونەسەگ و خانوە بێ ڕەونەق و شەقام و گەرەکە وێرابوودا، بەنزینخانە داخراوەکان و دەستفرۆشانی بەنزین لە قەراغ جادەکاندا ویژدانی هەر ئینسانێکی ئازاد، ئازار دەدات.

گەیشتینە بەشی پەساپۆرت و مانەوە لە ئاسایشی گشتی، ڕیزی دورودرێژ لە کرێکارانی پەناهەندەی ئێرانی و کەسانێك کە لەدەرەوەی وڵات گەڕاونەتەوە لە ژێر گەرمای 45 پلەییدا، قابیلی تەحەمولکردن نەبوو، بەتایبەت کاتێکیش کە کەسێکی تازە هاتوو ئاماژەی بە پۆلیسی نیگابان ئەدا کە بە فلان بڵێ فلان هاتووەو بەبێ ئەوەی بێتە سەرەوە ڕێگەی چونە ژورەوەی پێدەدرا، بەکورتی سیستەمی حیزبایەتی دواکەوتوانەی مێشکی ئینسانی وورد ئەکرد، هیلاکەرو نەفرەتهێنەر بوو.

سیستەمی بەریوەبەری ئاسایشی گشتی خاڵی بوو لە هەرچەشنە دیسپلێنێك وسیستەمی و کۆمپیوتەرو.... وە فەزلفرۆشی کارمەندان و ئیهانەکردنی کرێکارانی ئێرانی بۆتە شتێکی ئاسایی، ئەمە کرێکارانی ئەفغانی لە ئێران بە بیرهێنامەوە، لە ئاسایشی گشتی 5 کرێکاری ئێرانیم بینی کە بەتاوانی تەوابونی ماوەی مانەوەیان دوای لێکوڵینەوەو سزادانی نەقدی مالیان، بڕیاری گێرانەوەیان بۆدەرچووبوو.

دۆستەکەم بۆ داواکاری مانەوەی میوانەکانی ڕۆشت بۆ بەشێکی تری ئاسایشی گشتی، منیش تەنها بۆ مۆری مانەوە کە لەتەواوی وولاتانی دنیا لەفرۆکەخانە و لەماوەی چەند دەقیقەیەکدا ئەنجام دەدرێت، 6 سەعات کاتم لەگەرمای 45 پلەیی سلێمانیدا بۆی بەفیرۆدا. لەبەردەم دەرگای سەرەکی دۆستەکەم چاوەروانی من بوو، لەدورەوە زانیم کە هیلاك و تورەیە، کاتێك گەیشتمە لای دەستی کرد بە دادوبێداو بێچارەیی کرد، ووتی هیچیان بۆ نەکردوم ودەبێ بچمە سنوری مەریوان لەوێ کارەکەم جێبەجێ بکەم، ئەوە لەکاتێکدایە کە لەسەر سنور هیچ کاریك ئەنجام نادرێت و لەوێش ئەڵێن ئەبێت بڕۆن بۆ ئاسایشی گشتی و لەوێ داوەتنامە بهێنێت بۆ پەرینەوە لە سنور.

لەبەردەم دەرگای سەرەکی ئاسایش تەلەفۆنم کرد بۆ ناسیاوێکم، لەبارەی داوەتنامە بۆ میوانان مەشوەرەتم لەگەڵ کرد، بە ڕاسپاردەی ئەوو ناسینی یەکێك لە مەسئولین، گەڕامەوە ناو بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی و بەدوای کارەکەدا چووم بەپێی ئەوڕێنمایەی دۆستەکەم بە تەلەفۆن ڕەزایەتی یەکێك لەبەرپرسانی وەرگرتبوو، لەماوەی 20 دەقیقەدا کارەکە جێبەجێ بوو.نامەو مۆڵەتی چونەژوورەم وەرگرت و سەرئەنجام دۆستەکەم ناچار بوو خۆی نامەکەی بەرێت بۆ سنوور بۆ پەرینەوەی میوانەکان، ئەوە لەکاتێکدا کە دەکرا هەر لە بەریوەبەرایەتیەوە نامەکە فاکس بکریت بۆ سنور.

لە شاری سلێمانی کاتێك گوێ لە دەردی دڵی هەر بەشێك لەخەڵك بگریت، نەفرەتی قوڵ و بێئەوپەر لە ئەحزابی ناسیونالستی کورد، ئەبیستیت.

دزی و تاڵانی ئەم حزبانە لەکەس شاراوە نییە! ئەمان لە ساڵی 1991 تاکاتی مانەوەی سەدام حسێن، خۆیان بەکاتی و ڕاگوزەر تەماشادەکرد بۆیە، خەریکی تاڵانی و کۆکردنەوەی سەروەت بوون، بەدوای کەوتنی سەدام حسێندا خۆیان بەپایەدارتر و جێگرتوتر زانی بۆیە تاڵانی و دزیەکەیان ئاشکراترو بێپەردەترە!خەڵکی دەڵێن ئەحزابی حاکم تا بەر لەساڵی 1991 لەشاخ بوون و لەلایەن بەعسەوە سەرکوت دەکران، ئێستا کەسەدام حسین سەرنگونکراوە، تەلەفاتی ساڵانی شاخیان لەخەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان ئەسەنەوە. سایەقێکی تەکسی

ئەیووت:یەکێك لە خزمانی بەرپرسێکی یەکیتی نیشتمانی کە منداڵیان بووە، لەلایەن بەپرسەکەوە پسولەی پارچەیەك زەوی لەناوشار، بەناوی مناڵەکەوە بەدیاری پێدراوە. یەکێك لە فەرمانبەرانی بەشی ژمێریاری لەوەزارەتی وولاّت لەشاری سلێمانی دەیووت 141 هەزار کارمەند لەڕێگای حزبایەتیەوە مانگانە دوو موچە وەردەگرن،ئەم برە 35٪سەرجەم کارمەندانی سلێمانی پێکدەهێنێت کەزوربەیان کەسانی سەر بەحزبی یەکێتی نیشتمانین و نایانەوێت دەنگیان دەربێت. هەر ئەم ئامارە فەسادی ئیداری ئەحزابی ناسیونالستی کورد نیشانئەدات! ئەم فەسادە ئیداریە ئەگەر لەهەر شوێنێکی تری دنیادا بوایە، دەبوو بە سکانداڵێکی گەورە کە پەیکەرەو بینای ئەم حزبەی بەسەریەکدا دەڕوخاند.

چەند ڕۆژ بەر لە سەفەری گەڕانەوەم بۆ ئەوروپا لەگەلٚ 3 لاوی تردا چوم بۆ مەلەوانگە، نرخی هەر نەفەریك 10 هەزار دینار بوو کە دەکاتە 5 یۆرۆ، کە لەهی ئەوروپا گرانترە، ئەم پارەیە تەنها بۆ دووسەعات مەلە بوو، پاش دووسەعات حەرەسی مەلەوانگەکە بە فیکە لێدان و بەوپەری بێرێزیەوە مشتەریەکانی لەمەلەوانگەکە هێنایە دەرەوە، مەلەوانگەکە لەکەمترین ئیمکاناتی ئاسایی و وەرزشی بێبەری بوو و بەتەواوەتی مەلەوانگەیەکی پیاوانەبوو.لەکاتی مەلەکردندا لەسیّ لاوم پرسی ئەگەر ژنان لێرە مەلەبکەن چی ڕوئەدات؟یەکەمیان ووتی مەلەی ژنان بۆ مەلەوانانی پیاوان ئاسایی یە بەلاّم بەرپرسانی مەلەوانگە چاویان لە بنەوە دێتە دەریّ. دوەمیان ووتی کاربەدەستانی ئەوەندە دواکەوتون کە ڕێگە نادەن ژنان لەگەلٚ پیاوان لەیەك مەلەوانگەدا مەلە بکەن، سێیەمیان ووتی ئەمانە نایەنەوێت دلّی ئیسلامیەکان برەنجێنن.

**کاتی گەڕانەوەش بۆ سوێد، سە رلێشێواوی یە کی هەبوو !**

10 ڕۆژ بەر لە گەڕانەوەم، پەیوەنیم کرد بە نوسینگەی فرۆکەخانەوە بە ناوی ساوان لەشاری سلیمانی.

به دانی 80 دۆلار، پەروازی گەڕانەوەم لەفرۆکەخانەی هەولێرەو گۆڕی بەفرۆکەخانەی سلیمانی بۆبەرواری 28**ی تە موز** ، بەلاّم سەعاتی فڕینی فرۆکەکە نادیار بوو، کارمەندی فرۆکەخانەکە ووتی بۆزانینی سەعاتی فڕینی فرۆکەکە لەڕێگای تەلەفۆنەوە، ئاگادار ئەکرێن! نۆ ڕۆژی تەواو چاوەڕوانی پەیوەندی بۆ دیاریکردنی کاتی پەرواز بووم، خەبەریك نەبوو. چەندین جار بەنوسینگەی فرۆکەخانەوە پەیوەنیدم گرت، لەوەلاّمدا ووتیان بە تەلەفۆن ئاگادارت ئەکەینەوە. ڕۆژی 27 **ی تە موز** لەڕێگای نوسینگەکەیانەوە ئاگاداریان کردم، کە سەعات 6 سەرلەبەیانی
28 **ی** مانگ پەروازم هەیە و دەبیّ لە سەعات 4 ی بەیانیەوە لەویّ ئامادەبم. ئەم تەلەفۆنەی بوو بەهۆی ئەوەی لە شلّەژاوی 10ڕۆژە ڕزگارم ببێت. ئەو شەوە لەدەوری دۆستانم بووم و بیرم لەوەدەکردەوە کەئەمە دواهەمین شەودەبێت کە لێرەم. سەعات 2 هەمان شەو تەلەفۆنێکم بۆکرا، بەپەلە وەلاّممدایەوە، کارمەندێکی فرۆکەخانە بوو، ووتی بەئاگاداریت دەگەیەنین کە پەروازی سەعات 6 ی سەرلەبەیانی 28 مانگ بۆ ستۆکهۆلم تا کاتێکی نادیار ئەنجام نادرێت و سەعات 4 مەیە بۆ فرۆکەخانە! ئامن کەوتمە خۆ تابزانم مەسەلە چی یە، تەلەفۆنەکە داخرایەوە.

سبەینی ی ئەم شەوە سەردانی نوسینگەکەیانم کرد کە لەوەڵامی نادیاریان و ئەوە کە کارمەندانی خۆشیان هەستیان بەشەرم دەکرد ڕووبەروو بووم. ئەم وەزعە نارۆشنە تا 4ی مانگی تە موز درێژەی کێشاو لەوماوەیشدا 3 جار کاتی پەروازیان هەڵوەشاندەوە، بەپێی بریاری ئاشکرا نوسینگەی ساوان لەگەڵ کۆمپانیایەك بەناوی نور پەیمانیان مۆر کردووە، بەڵام کۆمپانیا ئەردەنیەکەحکومەتی کوردی و نوسینگەی ساوان جدی ناگریت، بۆیە ئەگەر لە شوێنێکی تر نەفەری نەبوو، بەپێی پەیمانەکە هەڵسوکەوت دەکات.

بریاربوو ڕۆژی 4ی تە موز سەعات 12 پەروازبکەم، لەسەعات 9 ی بەیانیەوە ڕۆشتم بۆ فرۆکەخانە، فرۆکەخانە وەکو پادگانی سەربازی پڕبوو لە هێزی چەکدار، سەعات 4 و نیوو تەیارەکە فڕی، 70 سەرنشین لە فرۆکەخانەی سلێمانی 7 سەعات ونیووبە شێوازێکی زۆر دواکەوتوانە دەپشکینران و لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرا، پۆستەکان چەندجار دەپشکنران ولەگەڵ تەحقیقی دوبارەوچاوخشاندنەوە بەهەموو کاغەزێکدا جگە لە پەساپۆرت و ئیهانە بە سەرنشینان، ئەمانە هەموویان ئەوپەری دواکەوتوویی سیستەم و فەرمانبەرانی فرۆکەخانەی نیشاندەدا.

**کوردستان لە نیگایەکی خێرادا!**

خەڵکی کوردستانی عێراق لە ساڵی 1991 وە تائێستا لە ئۆردوگایەکی پەنابەریدا ژیان دەکەن. سیستەمی ئیداری ئەم ئۆردوگایە هیچ ستانداردێکی نێونەتەوەیی نییە.ئەحزابی کوردی لەوانەش یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بەوێنەی ریگرو گانگستری ئەم دوو ئۆردوگایە ڕەفتار دەکەن کە لەساڵەکانی ڕابردوودا هەریەك بۆ پچرینی بەشی خۆیان جەنگێکی خوێناویان وەرێخست کە لەڕاستیدا قوربانیانی ئەم جەنگە ناوخۆییە، خەڵکی بێتاوان بوو.

ئەم حزبانە تاکو ئێستا کۆسپی بەردەم دەخالەتی خەڵکی کوردستانن لەچارەنووسی سیاسی کوردستاندا. بەبەهانەی گەیشتن بە فدرالیزمی قەومی لە چوارچێوەی عێراقدا، بونەتە کۆسپی بەردەم پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. کارکرد و سیاسەتی ئەم حزبانە هۆکاری نادیارمانەوەی چارەنووسی سیاسی کۆمەڵگای کوردستان بوون. زوربەی زۆری خەڵکی کوردستان ئارەزووی چونەدەرەوە لەکوردستان دەکەن!چونکە ئومێد بەوئایندەیەی کە کوردستان سەقامگیری پەیدا بکات وببێت بەدەوڵەت، گۆڕاوە بە ڕەشبینی نائومێدی ....

کوردستان بێبەشە لە خزمەتگوزاری گشتی و سەرەتایی وەکو ئاوو کارەباو تەندروستی. شاری سلێمانی لە ماوەی 24 سەعاتدا تەنها 9 سەعات کارەبای هەیە، پێداویستی یە کارەبایەکانی وەکو سەلاجەو مجەمیدەو فینکەرەوە....لە ئاکامی بڕانی زوو زووی کارەبا توشی وەستان و سوتان و گرفت بوون و دەبن، وە موادی خۆراکیەکانی ناویان توشی تێکچوون دەبن. لەماوەی 24 سەعاتدا تەنها چەند سەعاتێك ئاوی خواردنەوە هەیە.

خەڵکی بۆ هەڵگرتنی ئاو لەدواوەی سەربانەکانیان تانکی 3 هەزارلیتری ئاویان داناوە، ئەوە لە کاتێکدا کە ئەم شوێنە بۆ ئەم تانکیانە دروست نەکراوەو کەچی زۆریك لەماڵەکان تانکی 12 هەزار لیتری ئاویان داناوە، هاوکات گەرمای 40 پلەیی ئەم ئاوە پیس ئەکات.نەخۆشی سکچون و ڕشانەوەو نەخۆشی گەدە پەیدابونەتەوە کەهۆکارەکەی بەکارهینانی ئەو ئاوە پیسەو نەبونی کارەبای پێویستە. بەشێك لەخەڵکی بۆ ڕوناککردنەوەی ماڵەکانیان کەڵك لە موەلیدەی کارەبایی وەردەگرن، بەڵام بەهۆی کەم شارەزایی لەو موەلیدانە تائێستا خەڵکی توشی خەسارەت دەبن. خەڵکی هەست بە ئاسایشی کاریان ناکەن، نرخی پێداویستیە گشتییەکان بەدولار دیاری دەکرێت، بەڵام کرێ و حەقدەست بە دینار دەدەرێت کە بەشێوەی ڕۆژانە ڕوولە هەڵاوسانە.

**مافە کۆمەڵایەتیەکانی هاوڵاتیانی کوردستان ستاندارد نییە.**

بێبەش ترین توێژی کۆمەڵگا منالآنن! شاری سلێمانی بێبەشە لە دایەنگا بۆ سەرجەم منالآن، ئاستی خۆشگوزەرانی منالآن سفرە، لەجەرگەی شاری سلێمانیدا منالآنێکی زۆر بە سندوقێکەوە خەریکی بۆیاغچێە تین، یان دەستفرۆشی دەکەن، ژمارەیەکیشیان لەباوەشی دایکیاندا خەریکی سواڵکردنن. لەشاری سلێمانی یەك شاری یاری هەیە کە گۆردراوە بە شوێنی بازرگانی، و زوربەی منالآنی شار لێی بێبەشن و تەنها ریکلامەکەی لە تەلەفزیۆنەوە سەیردەکەن. تەواوی گەڕەکەکانی شار بێبەشن لەسەرەتایی ئامرازەکانی یاری و خۆشی. بێمافی منالآن دەستی تاقمە ئیسلامیەکانی بۆ بەدکەڵك وەرگرتن لە هەلومەرجیان ئاوەڵاکردوە تا قوتابخانەی ئیسلامی بکەنەوە، و پارە بدەن بەهەر منالێك کە بچێتە ئەم قوتابخانانە.

**وەزعی تازە لاوانش باس ناکرێت!**

لاویکی 17 ساڵە دەیووت من حەزم لەیاری تۆپی پێ یە، کەچی لەم شارە یەك ملیۆنیەدا تەنها یەك شوێنی ناستاندارد هەیە بۆ تەمرین کردن، کە 18 تیپ دەبێ بۆیاریکردن تیایدا لە سەرەدا بوەستن، ئەم لاوە دەیووت زۆرکات نۆبەی یاری تیپی ئێمە هەر نایەت. ئەوە هەلومەرجی لاوانی ئەم شارە نیشانئەدات.

**لەکوردستان توندوتیژی لەدژی ژنان بەردەوامە!**

هەواڵنێرە ڕەسمی و نارەسمیەکان بونی توندوتیژی لەدژی ژنان ڕەتناکەنەوە، هەواڵی تونوتیژیەکان لەدژی ژنان ڕۆژانە لەدەیان بارەوە بڵاودەکرێنەوە، توندوتیژی لەدژی ژنان بووە بەعادەتێکی ئاسایی کۆمەڵگا، کوشتنی ناموسی، خۆسوتاندنی ژنان لەئاکامی گوشاری دواکەوتوانەو ئیهانەی ڕۆژانەوە بەشێوەی جۆراوجۆر ویژدانی هەر ئینسانێکی ئازادیخواز ئازار ئەدات. هەردوو ڕوانینی ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزمی کورد هۆکاری سەرەکی توندوتیژی لەدژی ژنانن کە کوردستانیان بۆ ژنان کردووە بە دۆزەخ.

**خانەنشینی و مافی بەساڵاچوان!**

له کوردستان مافی خانەنشینی نەلەسەر بنەمای تەمەنی ئینسان، بەڵکە لەجیٚ ئەوە بەپێی خزمەتی لەپێشینەی 25 تا 35 ساڵ خزمەت، دیاری دەکرێت. زوربەی زۆری خەڵکی کوردستان لەمافی خانەنشینی بێبەشن، لە بازاری سلێمانی دەستفرۆش و حەمالانێك هەن کە تەمەنیان لەسەروی 70 ساڵیەوەیەوتائێستا بۆدابینکردنی ژیانیان هەر خەریکن. بەساڵاچوانی کوردستان فەرامۆشکراوترین توێژی کۆمەڵگان.

## حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە کویٚ یە؟

خەڵکی کوردستانی عێراق ولەوانەش شاری سلێمانی هیچ دڵێکیان بەحزبە ناسیونالستەکانی کوردو ئەحزابی ئیسلامی خۆش نیە. کۆمەڵگای کوردستان لەبۆشایەکی سیاسی زۆر قوڵدایە، ئەحزابی قەومی کورد لەهەموو مێژووی خویاندا بە ئەندازەی ئێستا ریسواو بێئیعتبار و بێپایەی کۆمەڵایەتی نەبوون.

## بۆچی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق نەبۆتە بەدیل؟

بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و مەنسور حکمەت لە کوردستانی عێراقدا ناوی ئاشناو خۆشەویستن! بەلاّم هەست دەکەیت ئەم بزوتنەوەو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقە، پەیوەندیان بە ڕابردوو مێژووی ئەو ناوچەیەوە هەیە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق کە سیاسەتی ڕۆشن و ئاشکراو لێبڕاوی هەیە لەبەرامبەر ئەحزابی ناسیونالیست و قەومپەرستی کورد، بەرگری دەکات لە مافی کرێکاران، ژنان و منالان و خوازیاری ئازادی بێقەیدوشەرتی سیاسی و خوازیاری بەرپاکردنی ڕیفراندۆمە بۆ سەربەخۆیی کوردستان!، چۆنە خەڵك ئەم حزبە وەکو بەدیلی ڕابەری خۆی هەڵنابژێرێت؟ بە بۆچونی من حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەبەردەستی خەڵك نیە! بەدەنەی کادرانی ئەم حزبە لەناو خەڵکی ناڕازی کوردستاندا نین، زۆربەی کادرە بەنفوزو بەئیعتبارەکانی ئەو حزبە لەوولاتانی سوید و ئەڵمان، بەریتانیاو کەنەدان تا عێراق و کوردستان! ئەو حزبە کاتێك دەبێت بە بەدیلێکی جدی کە ڕابەرانی حزب بگەڕێنەوە بۆ عێراق و کوردستان!

20 ژوئیە 2006